# بڕیاردان

Ursula Nafula
Vusi Malindi
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 2

(uten bilder)

barneboker.no

گوندەکەی من کێشەی زۆری هەبوو. ئێمە لە ڕیزێکی گەورە ڕادەوەستاین بۆ ئەوەی لە یەك شێرە ئاو ببەین

ئێمە چاوەڕێی خواردنمان دەکرد کە خەڵکی دیکە دەیانداینێ.

ئێمە زۆر زوو دەرگای ماڵەکانمان لە ترسی دز دادەخست.

زۆرێك لە مناڵان بێبەش بوون لە چوونە قوتابخانە.

کچە جحێڵەکان دەبوایە وەکوو خزمەتکار لە گوندەکانی دیکە کاریان کردبا.

کوڕە جحێڵەکان لە دەوری گوندەکە بێکار دەسووڕانەوە، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە لەسەر زەوی و زاری خەڵك کاریان دەکرد.

کاتێك با هەڵی دەکرد، کاغەزی فڕێدراو بە درەخت و پەرژینەکانەوە گیری دەکرد.

خەڵك پێیان بریندار دەبوو بە هۆی ئەو شووشانەوە کە فڕێ
دەدرانە سەر ڕێگاوبانەکان.

ڕۆژێك شێرەی ئاوەکە وشکی کرد و دەبەی ئاوەکان بە بەتاڵی مانەوە.

باوکم ماڵ بە ماڵ دەگەڕا بۆ ئەوەی بە خەڵك بڵێ، بێن لە کۆبوونەوە بەشدار بن.

خەڵك لە ژێر درەختێکی گەورە کۆ بوونەوە و گوێیان گرت.

باوکم هەستا و گوتی: “ئێمە دەبێ یارمەتی یەکتر بدەین بۆ ئەوەی.” کێشەکانمان چارەسەر بکەین.

جومای هەشت ساڵە کە لەسەر قەدی درەختەکە دانیشتبوو، هاواری کرد: “من دەتوانم زبڵەکان کۆ بکەمەوە.”

ژنێك گوتی: “ژنەکان دەتوانن لەگەڵ من بێن بۆ ئەوەی دانەوێڵە بچێنین.”

پیاوێکی دیکە هەستا و گوتی: “پیاوەکان دەتوانن بیرێك لێ بدەن.”

ئێمە هەموومان بە یەك دەنگ هاوارمان کرد: “ئێمە دەبێ ژیانمان بگۆڕین.” لەو ڕۆژەوە ئێمە یارمەتی یەکترمان دا بۆ ئەوەی کێشەکانمان چارەسەر بکەین.

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## برپاردان

Skrevet av: Ursula Nafula
Illustret av: Vusi Malindi
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 4.0 Internasjonal Lisens.